# موفتی ثێنجوێنی لە بازنەی شیعری ڕۆشنکەری کوردیدا

ث.ی.د. محەمەد ئەمین محەمەد نوری ئەمین
زانکۆی سلیَمانی/ کۆلیَجی زمان

ملخص البحث

**ان الشاعر موفتی پێنجوێنی واحداً من شعراو الكورد المعروفين الزين لم يحچى باهتمام الباحپين الكورد له فى دراساتهم. وبعد إمعان النقر فى أشعاره تبين لنا انه كان يستحق الاشاده به اكپر مما ناله لحد الآن، وبعد تدقيق اشعاره، توصلنا الى هڗه الاستنتاجات حوله:**

١- موفتی **پێنجوێنی** شاعير كلاسيكي وسار على خط حاجي قادر كوَيي في نمط اشعاره مما يعرف بالشعر التنويري.
٢- كان يحلم في نصوصه الشعرية باقامة الدولة الكوردية على غرار حاجى قادر كوَيى.
٣- اشعاره ذات طابع اصلاحي – اجتماعي ويتمنى أن يعم العدالة الاجتماعية في المجتمع الكوردي مثلما كان يتمناه الشاعر المعروف قانع.
٤- يؤكد في نصوصه على أهمية العامل العلمي في تغيير وإدامة صيرورة المجتمع، وهذا يتماشى مع ما كان يقدمه احمد مختار جاف في اشعاره.
٥- على غرار الشعراء الذين انتهجوا نهج حاجى قادر كوَيى يهتمون بالمضمون لايصال غاياتهم الشعرية.
٦- **كان مستعداً ان يضحي بالغالى والنفيس من اجل مواقفه** وهذا ما فعله وناله من اجل رسالته القومية.

هذه الاستنتاجات المهمة الذي توصلنا اليه في بحثنا هذا.

**کورتە :**

**ئەم توێژینەوەیە ئاوڕدانەوەیە لە یەکێك لە شاعیرە گوومناوەکانی کورد کەتا ئێستا گرنگییەکی ئەوتۆی پێنەدراوەو وەك پێویست تیشکی نەخراوەتە سەر ،لێرەدا هەوڵ دەدەین لە دەقەکانییەوە جیهان و بینیی ورۆشنگەری تێروانینی ئەو بۆ نەتەوە و باری کۆمەلآیەتی و سیاسی ورۆشنبیریو ئایینی بخەینە ڕوو ،تا بتوانین لە ڕێگەی کلیلە وشەکانەوە دیدو تێڕوانینی ئەو بۆ تەواویمەبەستە شیعرییەکانیی سەبارەت بە ئاما نجەکانی لە بازنەی ڕۆشنگەری کوردیدا نیشان بدەین .**

- **کلیلە وشەکان :نەتەوە، نیشتیمان، ئازادی، نەزانین، زانست .**
- **پێشەکی :**

**موفتی پێنجوێنی، یەکێکە لەو شاعیرانەی کە تا ئێستا لە لێکۆڵینەوەکاندا ئاوڕی پێویستی لێنەدراوەتەوەو لە خانەی شیاوی خۆیدا رووبەرێکی فراوان و سەنگینی بە ئەندازەی هێڵی جیاکەرەوەی دەقە شیعریەکانی نەگرتووە، ئەو هەر لە سەرەتای شیعرییەوە، خاڵێکی جیاکەرەوەبووە لە بابەتی شیعریدا لەگەڵ تەواوی شاعیرانی کوردا، کە ئەمەش دەبوو ئاماژەیەکی هاندەر بۆ لێکۆڵەرەوان بێت، شێوازی پێنجوێنی ڕێچکەیەکی ڕۆشنبیریو ڕۆشنگەرییەو لە ناوەرۆکدا لەگەڵ حاجی قادری کۆییدا لە سەر یەك هێڵ دەوەستنەوە، سەرەڕای ئاسانی و تێگەیشتن و سادەیی وشەکانی. لێرەوە موفتی بە زمانی سادە خۆی هاویشتە نێو ئازارو ئاواتەکانی کۆمەڵانی خەڵك و بە زمانێکی پاراوو نزیك لە دوواندنی خەڵکی شیعرەکانی بوونە سەر ویردی زمانی خەڵکی و ئەمیش ئەو خەسڵەتە بوو کە ئەوی هەر لە سەرتاوە کردە خاوەن شێوازێك و ڕێچکەیەکی تایبەت بە خۆی،**
**لەڕاستیدا ئەم شێوازە جگە لە ئەدەبی کوردی هەمان بابەت و دیاردە لە ناو گەلان و وڵاتانی دراوسێشدا بەدی دەکرێت، بە تایبەت فارسەکان و لە سەردەمی شۆڕشی مەشروتەدا زۆرێك لە شاعیران پشتیان کردە شێوازی ئاڵۆزو ڕوویانکردە زمانی پاراوی خەڵك و هەر**

ئەمەشبوو دەقە شیعرییەکانی زۆرێك لەو شاعیرانە دەبوونە دروشمو بە ئاسانی دەوترانەوەو جۆشێکی بێ ئەندازەی شۆڕشگێری بەخشییە خەڵکی، لەو شاعیرانە : ( ئەدیب مەمالیك فەراهانی، میرزا دەعشقی، سید ئەشرەف، ئیرەجی میرزا ). کدکنی.١٣٥٩،٣٦
دەتوانین بەم دەقانە بلێین کە دەقی راستەوخۆن و لە هەر ئەدەبێکیشدا بێت دەبنە خاڵی جیاکاری و شێوازی تایبەت لەگەڵ شاعیرانی دیکەدا. لە ئەدەبی کوردیدا لە حاجی کۆییەوە ئەم رێچکەیە بووە خاڵی وەرچەرخان و پێگەیەکی زیندووی لە ئەدەبی کوردیدا گرت و دواتر ئەم شێوازەی حاجی بوویە سەرقافڵەی شیعری رۆشنگەری کوردی و لێرەوە حاجی بوویە پەرینەوەیەك لە نێوان کامەکلاسیکەوکامە نوێیە لە شیعری کوردیدا. ئەمین،٢٠٠٤، ٩، ١٠

•توێژینەوەکەشمان لەدووبەش داخۆی دەبینێتەوە:

بەشی یەکەم : ئەزموون بیر لە بازنەی شیعری رۆشنگەری کوردیدا،کە تیبیادارِوانگەی شیعری رۆشنکەری شاعیرا نمان لەقۆناغە جیاجیاکاندا خستووەتە روو بەچەند تەوەرەیەك.

بەشی دووەم :موفتی لە نێوان ئەرکی شیعری و مێژووی نەتەوەدا ،لەم بەشەدا ئاماژە بە رۆڵی موفتی دراوە لە رێڕەوی مێژوویی ئەرکی نەتەوەیدا،ئەمیش بە چەند تەوەرەیەك بە بەراورد بە چەند شاعیرێکی تری هەمان رێچکەی شیعری .

لە کۆتایشدا بە چەند خاڵێ ئەو ئەنجامانەشمان دیاری کردووە کە پێی گەشتووین .

- گرنگی توێژینەوەکە :

ئەدەبی کوردی و شاعیرانی کورد تا ئێستا بە تەواوی لە خانەی شیاوی خۆیاندا پۆلێن نەکراون، هەرچەندە هەوڵەکان لێرەو لەوێ بەردەوامن، بەلام ئارەزووەکان تێرناکەن، یەکێك لەو شاعیرانەی کە تا ئێستا فەرامۆش کراوەو ئاوڕی پێویستی لێنەدراوەتەوە موفتی پێنجوێنییە، هەرچەندە لەگەڵ کاتدا کێشەمان هەبوو سەبارەت بە لێکۆڵینەوە لەم شاعیرە، لەگەڵ ئەوەشدا توانیمان ئاورێك لەم شاعیرە بدەینەوەو بەناو بەرهەمەکانیدا رۆبچین، بە ئەندازەیەك بە موفتی سەرسام بووم، کە چاوەرێم نەدەکرد، چونکە هەڵگری میتۆدو خاوەن یۆتۆپیایەکی فرە رەهەندە، بە جۆرێك میتۆدی مەعریفی لە ئەرکی شیعری ئەودا دەبینین، کە ناچاری کردین لە کاتی شیکاری دەقەکانیدا بەجیا لەگەڵ شاعیرانی خاوەن یۆتۆپیا جیاوازەکان بەراوردی بکەین و هەریەك بەجیا شیکاریی و راڤەکردنیان بۆ ئەنجام بدەین.

خەونەکانی ئەم هەمان خەون و پرۆژەکانی حاجی کۆیی و بێکەس و زێوەرو ئەوانیترە، تەرزی شیعری ئەمان ناوەرۆك ئامێزن و بەلایانەوە فۆرم پاشکۆی ناوەرۆکەو ئەمەش خاڵی جیاکەرەوەی نێوان شاعیرانی ئەم رێچکەیەو شاعیرانی ترەو زمانی سادەو پاراوو نزیك لە خەڵك بونیادی دەربڕینەکانیانن، دەیانەوێت پاراوی ماناو سادەیی وشە و وروژاندنێك لە نێو کۆمەڵگادا دروستبکەن، ئەمەش دیالۆگی کراوەی نێوان ئەمان و جەماوەرن.

کێشەی توێژینەوە : کەمی سەرچاوە کرفتی سەرەکی توێژینەوەکەمان بوو،ئەمیش گرنکی نەدان و ئاورنەدانەوەی پێویست بووە لە پێگەو رۆڵی ئەم شاعیرە .

میتۆدی توێژینەوە:وەسفی شیکارییە، کە دەگونجێ لەگەڵ ریزبەندی موفتی و ئەوانی تردا بۆ دەرخستنی ناوەرۆك و دیاریکردنی رێچکەی موفتی لە رێڕەوی ئەدەبیدا، چەندیش توانیبێتمان ئەرکی شیعریی موفتیمان لە بازنەی مەعریفی و لە فراوانترین رووبەریدا دیاریکردووە، تا هەریەکەو پێگەی خۆی دەستنیشان بکەین .

بەشی یەکەم : ئەزموون و بیر لە بازنەی شیعری رۆشنگەری کوردیدا .

شۆڕبوونەوە بە دەقەکانی موفتی پێنجوێنیدا، ئەرکی شیعریی لە بازنەی مەعریفی لە زەمەنی رابوردوودا ئامادەبوونێکی هەستپێکراوە، بە واتا لە زۆربەی دەقەکاندا زەمەنی رابوردوو لە ئێستادا ئەرکی مەعریفی لە زەین و بونیاتی عەقڵی موفتیدا بروسکەو راچڵەکاندنێکە لە حاجی قادرەوە بۆ ئێستا.لێرەدا موفتی بە وێنەی حاجی کۆیی شێوازی راستەوخۆ لە منی قسەکەر بۆ ئەوی خوێنەرو بە زمانێکی سادە تا ئەرکی گەیەنەرێکی کارا بەرووی هەمواندا والابکات، بۆیە ناوەرۆك پشکی شێری لە بەرهەمەو دەقەکانیاندا گرتووە، ئەمەش لە تەواوی وەرچەرخانە سیاسی و کۆمەلایەتییەکانی دراوسێکانیشماندا وەك فارسەکان دەبینرێن و بە تایبەتیش لە زەمانی مەشرووتەی ئێرانیدا کە رەوان زمانی و سادەیی دەربڕین سیماکانی شیعری ئەو قۆناغەبوون.

هەژموونی موفتی لە ناخی وشیاری کوردییەوە سەرچاوەدەگرێ و ئەو ئەرکێك بۆ خود لە زەمەن و مێژوودا دیاری دەکات، ئەو لە راستی چینایەتی کۆمەڵگای کوردی تێگەشتبوو بەو هیوایەی توێژێکی رۆشنبیر لە هەناوی ژێرخانێکی دارماوی کوردیدا بەرهەم بهێنێت،

بەمەش خوازیاری بونیادی رۆشنبیرییەکی کلاسیکییانەبوو، کە دواجار دەگەڕێتە رۆشنبیرییەکی ئۆرگـانی کارلێکـەر لـە هـەناوی عـەقڵی کۆمەڵگای کوردیدا.

پێمانوایە گوتاری ناسیۆنالیزمی بنەمای گوتاری ئەون، ئـەو شیعری کـردە گوتـاری نەتـەوەیی، تـەواوی پانتاییـە ئـابووری، سیاسـی، کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەکانی کوردی بە روونی دەبینی، موفتی بەئاگاییەوە دەدەویّ و دەیکاتە بنەمای هەسـتەکانی، لێـرەوە رەگـەزەکانی بەرهەمهێنـانی شیعریی موفتی دەرکەوتنی بـاری دواکەوتوویی خێڵەکی کوردییەو لەگەڵ حاجیدا لە بونیـاتی شیعری نـاوەرۆك ئـامێزدا لـە رووبەری بەرهەمهێنانی شیعریدا یەکدەگرنەوە.

بە کورتی موفتی شیعری کردە بەهایەك بۆ دۆزینەوەی بیرو مەعریفە بۆ رووبەڕووبوونەوەی کێشە فرەلایەنەکانی ژیانی کـوردی، هـەر ئـەم رێبازە بووە رێچکەی زۆرێك لە شاعیرانی تری وەك: قانع، زێوەر، بێکەس.

لێـرەوە خەسـڵەتەکانی ئـەم رێبـازو رێچـکەیە تـایبە تمەنـدی خـۆی هەیـەو دەبنـە خـاڵی جیاکـەرەوەی نێـوان ئـەمان و ئـەوانیتر لـە شاعیران، شاعیرانی ئەم رێبازە گرنگی بە ناوەرۆکی شیعری دەدەن و شێواز دەخەنە خزمەتی ناوەرۆك و زۆر جاریش کێشی برگـەی خۆمـاڵیش بەکاردەهێنن.

موفتی وەك حاجی پاریسیایەکی بوێرانە بە رووی ئایندەدا دەکاتەوە، لێرەوە دەرخسـتنی ڕاستییەکان بـۆ دەرچـوون لـە نـەریت و بـاوەکـان کەسێتییەکی پرسا دەخوڵقێنێت و لە خودەوە دەردەچیّ و بە جۆرێك کە لای ئەو باوەڕەو لە شێوەی دەقدا دەیوروژێنیّ، موفتی ئـەرکی شـیعری بۆ سەرهەڵدانی توێژو بیری نویّ لە بـازنەیـەکی کـراوەی مشـتومڕ هەڵگرتـدا دەخاتـە روو، کـە خوازیـارە کۆمەڵگایـەکی رۆشـنبیری کـاراو بەرهەڵستکار بە رووی رەوتی کۆمەڵگای دەرەبەگی و ئـاغـایەتیداو دواتر دەردە کۆمەڵایەتییەکاندا بخوڵقێنێت بۆ گـۆڕین و وەرچـەرخاندنی رەوتی رووداوەکان، هەربۆیە بە رێبـازێکی شیکاری مێژووی دەچینە نێو ئەرکی شیعریی موفتی لە بـازنەیەکی فراوانتری نەتەوەیدا.

رووداوەکانی وابەستە بە ژیانی خەڵکەوە لە تەواوی بووارەکـانی سیاسـی، کۆمەڵایـەتی رووداوو کارەسـاتەکان، ئـابووری دەقـەکانی ئـەم رێچکەیە پێکدەهێنن.

گریّ و گۆڵی و ئاڵۆزی لە وشەو مانادا لای ئەمان ونە، بە واتـا ئیستاتیکای شیعریی پاشکۆی نـاوەرۆکی بەرهـەمی شیعرییە، بـەکارهێنـانی زمانی سادەو وشەی گشتی ئاما نجی دەقەی شیعرییەکانی ئـەمانن، تـا بـە کـورتترین کـات کاریگـەری لەسـەر زۆرتـرین رووبـەرو پانتـایی جەماوەر بەجێبهێڵێت و کاریگەری لەسەریان دروستبکات، بە واتـا دەقە شیعرییەکان ببنـە ویـردو دروشـم بـۆ جۆشـدانی جـەماوەرو دواتـر هاندانی کۆمەڵانە بۆ دەربـازبوون لە هەموو ئەو مۆتەکەو خەرافییاتـانەی کە چۆکیان لەسەر سنگی خەڵکی چەقاندووە.

زمانی شیعریی ئەمان جگە لە سادەیی وشە تێکەڵێکە لە فەرهەنگی وشەی زمانەکانی عەرەبی، فارسـی، چـونکەزۆربەیـان لـە حوجرەکانـدا خوێندوویانـەو بابەتـەکانی ( نحـو، صـرف، بەلاغـە، گوڵسـتان، بوسـتانی سـەعدی ) بـووە. ئـەمان شـیعر لایـان هەڵوێسـت و بەرەنگاربوونەوەیە، نەك وەرچەرخانی شعیریی، بە کورتی ئەم شاعیرانەی سەر بـە رێچکەی حاجییـە، بـە مـوفتی پێنجونیشـەوە، ئەگـەر فۆرمیان نەکردایەتە قوربـانی نـاوەرۆك لە توانـایانـدابووە شاکاری جوانتر بەرهەم بهێنن، ئەمان خوازیاری دارشتنەوەی بـیری کـوردی بـوون بە تـەواوی رەهەندەکانـەوە، بۆیـە سـادەیی شـێواز دیارییـەکی ئـاوەزی ئـەمان بـووە بـۆ دووانـدنی فـراوانترین رووبـەری عـەقڵی کـوردی. معروف .١٩٩٢، ٦٦.

مێژوو — ئەزموون، لە نێوان موفتی و حاجی کۆییدا

بە درێژایی مێژووی نەتەوەییمان و بە تـایبەتیش لە نێو ناوەندی رۆشنبیری عەقڵی کوردیدا مێژوو ونەو تێڕوانینمان بۆ دیـدی مێـژوویی لە خاڵی سفردایە، چونکە تەواوی دیاردەکان کۆمەڵایەتی، رۆشنبیری، سیاسی لە ناو بـازنەی مێـژوودا راسـتییەکەو بـوونی هەیـە. ئـەم دیاردانەش لە چوارچێوەی میتۆدی ساتەوەختەکاندا پێکەوە گریّ دەدرێن، رووداوو کارەسات و وەرچەرخانەکان هەمیشە دەبێت لە بـازنەی ئاوڕدانەوەو تێڕامـاندابن بۆ تێگەشتن و بەرهەمهێنـانی مەعریفەیەکی گۆڕانکاری لـە سـاتەوەختە جیاوازەکانـدا، ئەمـەش تێڕامانـە لـە چەمکی دەسەڵات و هێزو نەریت بۆ بەرهەمهێنانی ئیرادەی گۆڕانکاری لە هەنـاوی چرکەساتەکانی مێژوودا، ئەمەش هەڵوێستە، ئیرادەیە، قوربـانیدانە، چونکە تێڕامان و بیرکردنەوەکان ئاراستەی کۆمەڵ دەکەن بۆ گۆڕینی شێوازی بیرکردنەوە.

قووڵبوونەوە لە مێژوو و رووداوو دروستبوون و بەرهەمهێنی گوتاری فیکرییە، کە دواتر ئەو گوتارە دەبێتە ئەرکی مەعریفی چ لە ئێسـتاو چ لە ئایندەدا بۆ گۆڕین و داماڵینی نەهامەتییەکان، لێرەوە شاعیران، ئەدیبـان، نووسەران دەبنە بکەرێکی کـارا بـۆ گـۆڕینی بـەردەوامی دەلالاتە جیاوازەکان.

لێرەوە من دەمەوێ بچمە نێو باسەکەم، حاجی کۆیی لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەوە وەرچەرخانێکی لە بونیاتی شیعری خۆیو کوردیدا خوڵقاند، کە ناوەرۆکی شیعری لە ( غەزەلو وەسف )ەوە بۆ ناوەرۆکی نەتەوەییو رزگاربوونو سەربەخۆیی نەتەوەییو حاجی وەك خانی زمانی شیعری بارگاوی بە ئەرکو مەعریفەی شیعری کردو ناسنامەیان بەخشییە شیعر، شیعریان هاویشتە نێو مێژوو جوگرافیای سیاسی نەتەوەوە.

خانی دەڵێت :   ئەو خــە تمە ژبۆ قەبیلی ئەکراد

وان دانە ب شیر هیممەتو داد   رەسوول ،٢٠٠٨، ١٠٩

حاجی دەڵێت:

تـا رێـك نەکەون قەبیلی ئەکـراد هـــەروا دەبــنــــە خـــەرابـــە ئـــابـــاد!

لە مابەینی کلاوسوورو کلاوڕەش   پەرێشانین دەبینە میپلی گای بەش.   باجەلان ،٢٠١٧، ١٠

هۆکارەکانی روونن، جێگەی لێرەدا نییەو لای هەموانیش روونە.

باشە ئەگەر لای حاجی ئەستەمبوڵو کرانەوەو جیهانبینی شیعری حاجی بن، لای موفتی ئەمە چۆنو سەرچاوەکەی جگە لەوەی ئەم دەقانە بەرهەمهێنی پرسیارگەلێکی ئاکاراوین لە هەمان کاتدا میتۆدێکی رەخنەیی نەتەوەیی لە نێو قووڵایی مێژووە سەردەخەن، ئەمە تێڕامانە لە مێژوو بە گوتارێك کە لە ساتەوەختەکانیدا گرێدانی رووداوەکانە بە خودی نەتەوەوە لە نزمترین ئاستیدا!ئەمانە بە ئاگاییەوە دەدوێن. وەرچەرخانو بونیاتنان لە حاجیدا لە دوای چوونی بۆ ئەستەمبوڵەوە دەستپێدەکاتو فاکتو چییە؟

مرۆڤ هەر لە سەرەتاوە هەوڵی تێگەشتنو زاڵبوونی بەسەر ژینگەکەیدا داوە، کە لە دواجاردا ئیرادەکان دەمانگەیەننە دەرەنجامی ئاکاری، پێویستە پەیوەندییە مرۆییەکان بناسینو پێیان ئاشنابینو بۆ ئەمەش وشیارییەکی دروستی دەوێ، کە لەگەڵ خودو دەوروبەردا مامەڵەی پێبکات،

محد محمد عبدالجبار الجبوری دەڵێت: ( زانستی دەروونناسی بریتییە لە لێکۆڵینەوەی مرۆڤەکان )، بەڕای من موفتی لێرەوە هەنگاوی نـــاوە بـــۆ دووربینـــیو بونیاتنـــانی بەرهـــەمهێنانی شـــیعریی لــــە نــــاخی رووداوو مرۆڤـــو ژینگەکەیــــەوە . عبدالجبار،١٥، ١٩٨٤

ئەمە ئەندێشەیەکی بنەمایی ( هیگڵ )یە، کە مرۆڤەکان راستییەکان بە شێوەی گشتیو مانادار درك پێدەکەن، موفتی دیاردەکانی بە لێکدابڕاوی تەریك کردووە، موفتی دیاردەکانی لە پەیوەندییەکی گشتگیردا بینیوە، هەر دیاردەیەکیش لە ناخی تاکەکاندا دەبنە مانا گشتییەکان.

موفتی پێنجوێنی مێژوو ژینگەکەی بە شێوەی پێکهاتەیەکی لەرزۆكو گۆڕاو لە چوارچێوەی مانا گشتییە مێژووییەکاندا درك پێکردووە(*)، لێرەوە ئەزموونو هەڵوێست ئاوێتەدەبنو موفتییەکی کورد یمان لە سنووری جوگرافیایەکی دەوڵەمەندا پێشکەش دەکەن. محمدی، ٢٠٠٦، ٤١١

درککردنەکانی موفتی هەمەلایەنەبووە، کە لە دەرەنجامدا تەرزی شیعری رۆشنگەرینو وریاکەرەوە، کە ئازادیو سەربەخۆییو مافی ژنو یەکسانی دوو رەگەزو خوێندنو چەواشەکاری ئایینی خەسڵەتو بنەما شیعرییەکانی بوون.

موفتی دەڵێت:   ئەی وەتەن تێئەگەم بۆ شینو زاری کارتە

بۆ نەبوونی علیمی بەرزی گەورەو سەردارتە

وە یا دەڵێت:

وەختی هۆشـیاریتە خەو زنجیـری ئەژنۆو رانتە

عیلـمو عەقڵـت گـەر ببـێ ئەم رۆژە قـەت نـادەی لـەدەس

رووحو مـاڵـت سـەرفی قـەومـت کـە هەتـا ئاخـر نەفـەس

خۆت ئەگەر هەوڵێ نەدەی تا هەی بە کەس نابی بە کەس

تـابەکـەی بـۆت لێـبـدەم شـە پیـوورو ناقـووس و جەڕەس

تاكـو كـەی حەپسـی و رەزالـــەت تـاج و نـەجـمـەی

کوردە خەو تاکەی دەسا دەستی من و دامەنتە شـانـتـە    ئاشنا ، ٢٠١٦، ٦٩,٧١

بۆ چوونە ناو کرۆکی ئەم دەقە نەتەوەییانە لە رووی جوانناسی و هزرەوە، ئەوا دەبینین دەقی هونەری بەکارهاتووە، کە ناوەرۆك سیمای هەرە دیاریەتی، فۆرمەکانی سادەیی دەربڕین، لێرەداو لەم دەقانەدا بنەمای روونکردنەوەیەکی ئاکاراوییەو لە مانا دەلالییەکەوە دەقەکە فۆرمی خۆی چنگەدەخات، لێرەدا ئاراستەیەکی پۆزەتیف یا ئەرێنی لە زەینی شاعیرەوە پرتەوی ئەرکی مەعریفی لە ناوەرۆکدا دەخاتەڕوو، لێرەدا پەیوەندییەکی ئاماژەیی لە نێوان خودو ئەواندا سیمایەکی دەلالی دەقەکەیە، واتا وێناکردنەکان لەوەوە بۆ ئێمەیەو نیشتیمان خالّی دالە لە نێو پەیوەندییەکاندا، زەینی ئەو بۆ ئازادی پەیوەندییەك دەردەخسێنێ لە واتا گشتییەکاندا، کە ئەمەش لە رووی زمانەوانییەوە رێکەوتنێکە.

بەلاّم لە دەقی سێیەمدا ( عیلم و عەقلّت گەر ببێ )، رایەکی گشتی لە چەمکێکی دەلالی لە نێوان نیشتیمان و ئێرادەدا نیشاندەدات. لێرەدا زمانی شاعیر سستمێك لە باوەڕ دەخاتەڕوو لە چەمکی ئیرادەدا، پەیوەندییەکە لە نێوان پەیام و خود بە واتا ئاراستەیەکی جەستەیی – دەروونی – فیکری دەکاتە گریمانە، ئەرکاویە ئاکادرییەکان لە فراوانترین ئاستیدا. ئەمەش فەزایەکی کراوەیە لە دووانەدن، رەهەندەکانی لە ساتەوەختەوە بۆ مێژوو کراوە دەبن، ئەمە ئاستێکی دیاری هزری بەرهەمهێنانی دەقی شیعری موفتییە، کە ئەزموونی کەسی جەوهەری درك پێکردنەکانە.

موفتی لە دەقێکیدا دەلێت:

کـوردە لەمـەولا هـۆشـێ بێـنـە سـەر
لادە لــە بــەزمـی بێهــوودەو ســەمـەر
تا ئێستا ئاخـر بـە جەنـگ و بە شـەڕ
چی کەوتە دەستت بە غەیری زەرەر

کـوردە بـە زاتـی خـوای تـاك و تەنیـا
ئـاگـەیـتـە هـەوار بـە هـەراو هـوریـا    سەرچاوەی پێشوو،٧٣,٧٤

موفتی لێرەدا بە ئاگاییەوە گفتوگۆیەك دەخاتەڕوو کە لە پشتیەوە مێژوویەکی سۆسیۆلۆجی دەخاتەڕوو، لێرەدا موفتی رووبەرێك دەبەخشێتە تاکی کوردی کە بکەرێکی کاراو خاوەن بیربێت، مەوداکانی عەقلّی کوردی دەخاتە ژێر پرسیارەوە کە وەك پێشتر و تەمان تێڕامانیك و بیرکردنەوەیەکی قوولّی مێژوو ئەلتەرناتیڤێکی کاراو ئاکاریەو ئەمەش پەیوەندی نێوان بیرو دەرەنجام دەخولقێنێ لە شێوەی پرسیارێکی قەدەریانە بە ئاراستەیەکی ئیرادەیی کە لە هەردوو بارەکەدا ئاکارێك خالّی بەیەك گەشتنی نێوانیانە، ئەمەش گواستنەوەیەکی لۆژیکی رووداو دروستکردنەو لە هەمان کاتدا بونیاتێکی وێنەی گشتییەو شێوەیەکی دیالۆگ ئامێز لەخۆ دەگرێ و وێنەکێشانێکی دەرەوەی تیا دەکێشێ، کە لە خودەوە بەرەو ئاسۆیەکی بابەتیانە پەلدەهاوێژێ.

"ئەلیۆت" دەلێت: (( شیعر گوزاشتکردن نییە لە سۆزەکان، بەلکو هەلّهاتنە لە سۆزەکان ))    ئەحمەد، ١٩٥، ٢٠٠٤

کەواتە وشیاری گرنگترین ئامرازو خولقاندنی گۆڕانکاری سیاسی و کۆمەلاّیەتییە. لێرەوە بانگەشەکردن بۆ ئاشتی پەیامێکی بیری شاعیرێکی کوردە لە زەمەنی نەبوونی بیرو گوتارێکی دروستی ناسیۆنالیزمانە، هەر بەم پێیە وشیاری نەتەوەیی رزگاربوون و دەرچوونە لە داگیرکەران بە جۆرێك کە شوناسی نەتەوەیی تیادا لەدایك ببێت.

دروستبوونی شوناسی نەتەوەیی گۆڕانکاری لە بونیادی گشتی نەتەوەدا لەسەر ئاستە جیاوازەکان دروست دەکات، موفتی بە وشیارییەوە دەدوێ بۆ خولقاندنی ساتەوەختانێك لە هەناوی کۆی نەتەوەدا، جیهانێك کە منی داگیرکراوی غەفلّەتزەدە بیبینم، نەك جیهانێك تەواو جیاواز لە ببینینی من و لە ژێر سایەی ئەوی داگیرکەردا، ئەمە پرۆسەیەکە کە موفتی داوای دەکات لە رێڕەوی رزگاربوونی سیاسی – کۆمەلاّیەتیدا. لێرەوە موفتی بانگەشەی نەمانی بنەما مادی و رۆحییەکانی داگیرکەران دەدات، بەلاّم لە هەمووی گرنگتر عەقلّی بەرهەمهێنانی موفتییە، کە تەواوی سەربەخۆیی و ئازادییەکان لە سیاسەتدا قەتیس ناکات.

کاتێکیش حاجی ئاراستەی شیعری گۆڕی، وەرچەرخانێکی لە رێڕەوی شیعریدا خولقاند، جیهانبینی حاجی لە سنووری عەقلّ و مێژوو جوگرافیای کوردیدان، حاجیش وەك موفتی بکەرێکی کاراو وروژێنەر لە ناو ئەندێشەو بیری کوردیدا بە هەند دەگرێ بۆ بونیادی شوناسێکی نەتەوەیی، کە ئەمەش دەربازبوونە لە ستەمی کۆلۆنیالیزم.

حاجی دەڵێت:

حاجی بە شیعرەکانی وەك کاوە ڕۆژێ دەبیینن درەفشی هەڵداوە

وەیا دەڵێت: کوا ئەو دەمەی کە کوردان ئازادو سەربەخۆبوون

سوڵتانی موڵك و میللەت صاحیبی جەیش و عیرفان باجەلان .٢٠١٧، ١١,١١٥

لە مێژووداو بە درێژایی گەڕانەوە بۆ قووڵایی رووداوە مێژووییەکانی کورد، هەمیشە خاوەن یۆتۆبیا یا لە چەمکی ساتەوەختەکاندا هەڵگری یۆتۆبیایەکی کوردی بووین، کە تەواوی تێکستە ئەدەبی و غەیرە ئەدەبییەکانیشمانی داگیرکردووە، بە تایبەت لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمەوە، حاجیش لە پێشەوەی هەموانداپە بە تایبەتیش کاتی نیشتەجێبوونی لە ئەستەمبوڵی عوسمانیاندا، بیری حاجی لە ئەستەمبوڵدا خەملی و جیهانبینی ئەو فراوانبوو، حاجی خەونی دەوڵەتێکی ناسیۆنالیستی دەبینێ و تەواوی هاوکێشە شیعرییەکانی مەنفای لەم بازنەدا تاوەدەخۆن.

ئەو رزگاری نەتەوەیی کۆتایی و لە ریشەدەرهێنانی هۆکانی داگیرکارییە دەربازبوونی تاکی کوردە لە غەفڵەتزەدەیی، کە ئاکامی هەژموونی ئەوی داگیرکەرە بەسەر منی خۆونکردوودا، کەواتە حاجی هەڵگری پرۆژەیەکی سیاسییە، کە رەنگە تەنیا هۆکار بۆ سیاسی بوونی پرۆژەوخەونی حاجی شەڕو نەهامەتییە مێژووییەکانە، کە هەمیشە دووچاری کورد بوونەتەوە، بۆیە هەمیشە ناسیۆنالیستێکی بیرتەسك لە چەشنی کاوەدا وێنەی هونەری زۆربەی شاعیرانە.

**بەشی دووەم :موفتی لەنێوان ئەرکی شیعریی ومێژووی نەتەوەدا .**

ئەگەر لە مێژووی شیعری و ئەرکی مەعریفی موفتی پێنجوێنی وردبینەوە، ئەوا میتۆدێکی شیکارییانەی فرەچەشن بە شۆڕبوونەوەی تەواو بە بەرهەمەکانیدا کارێکی حاشاهەڵنەگرە، ئەو شاعیرە خاوەن رەهەندو یۆتۆپیای جیاوازە لە رێڕەوی مێژووی شیعری نەتەوەییماندا تا ئێستاش ئەم بلیمەتە مافی خۆی لە خانەی شیاوی ئەدەبیدا نەگرتووە، هۆکارەکان هەرچییەکبن، ئەوا لێکۆڵەرەوان لەم کورتبینییە بێبەری ناکات. وە چۆن ئەو لە دیدو ئەرك و مەعریفەی شیعرییەوە سەیردەکەین، ئەوا هەمان پێوەریش لێکۆڵەرەوان دەگرێتەوە، ئەم تێڕوانینە بۆ بەرهەم لە داهێنان و خوڵقاندا خودی شاعیر تەنها مەبەست نابێت، بەڵکو ئێمە بەرهەم بە میتۆدێکی زانستی دەخەینەڕوو، لێرەدا مەبەستم موفتی پێنجوێنییە، کەوا بەرهەمەکەی هەڵگری جۆرەکانی وشیاری کۆییە، وەك چۆن هەڵگری پۆتۆپیا سیاسی و کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنەکانە، دەپرسین ئاخۆ بەرهەمی موفتی رەنگدانەوەی دۆخێك و سنوورێکی تایبەتە؟ یان لە کۆی راستییەکان بە دیدێکی کراوەی وشیاری نەتەوەییەوە دەڕوانێ و دواتر دەقەکانی بەرهەمهێناون؟ ئەندێشەی ئەو لە تەوەرەی جوانناسی کلاسیکیدایە، موفتی لە نێوان ناوەرۆك و وشیاری کۆیی پەیوەندییەکی ئۆرگانی خوڵقاندووە، چونکە تەواوی بەرهەمەکانی فۆرمی زەینین و رەهەندێکی مێژوویی لەخۆ دەگرن، هەر ئەمەشە ئەزموونەکانی لە دەرەنجامدا سروشتێکی زەینی بەئاگا لەخۆدەگرن، کە خوازیارە لە میانەی گۆڕانکارییە مێژووییەکاندا لەگەڵ پۆتۆپییەکانیدا یەکانگیربن.

بە گشتی موفتی و ئەحمەد موختارو قانع و بێکەس، هەمان رێچکەی حاجی سەدەی نۆزدەهەمن، بەڵام بیری حاجی و ئەمانی دی بۆ نەبوونە پرۆژەیەکی سیاسی لە دەسەڵاتی کوردیدا، یاخود تراژیدیا یەکبەدوای یەکەکانی دەسەڵاتی کوردی پرۆژەو خەونی ئەمانی لەبارېردووەو نەیتوانیوە کاری لەسەر بکات.

مەریوان وریا قانع دەڵێت: (( حاجی قادر لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا هەموو ئەو خەونانەی بینیوە، کە مێژووی میللەتێك پێویستی پێیەتی بۆ تازەبوونەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ))[1]. قانع،٢٠١٣، ٢٨٣

بە گشتی موفتی هەمان رێچکەی حاجی گرتووەو یەکێکە لە شاعیرانی رۆشنگەری کە لە حاجییەوە تا ئەم، هەڵگری پرۆژەو خەونێکی نەتەوەیین، ئاوەز دەکەنە پردی گوتاری شیعری، ئەمانە شاعیرانی ریالیستین، زانین و هەست و ئاوەز پێکەوە دەبنە سەرچاوەی بەرهەمی ئەدەبییان، دەقەکانیان هێزێکی پاڵنەری ویژدانین لە پرۆژەیەکی سیاسیدا، ئەمەش راستییەکانی ژیانی کۆمەڵگای کوردین، بەردەوام شوناسی نەتەوەییمان لە سۆزەی قاڵبی حزبی قێزەوندا پێشکەش دەکەین، ئەمەیە لێکترازانی ئەزەلی لە نێوان دەق و مێژوودا.

راستە دەسەڵاتی کوردی دوو ئیدارەیی و لێکترازانی ماڵی کوردی و دواجار دارمانی نەتەوەیی بەرهەمدێنن، بەڵام دڵنیاین رۆحی حاجییەکان و موفتییەکان دەبنە مۆتەکەی سەر سنگی ئەمانەو ئاوات و خۆزگەکانیان دەبنە راستییەکی مێژوویی چ ئەمرۆ، چ سبەی.

موفتی پێنجوێنی هەڵگری یۆتۆبیایەکی کۆمەڵایەتییە،کە رەنگە لێرەدا نزیکییەکی لە گەڵ قانعی شاعیردا هەبێ وهەڵگری هەمان میتۆدوو مۆراڵی کۆمەڵایەتی بێت .

ئـالی عوسمانـەکان هەمیشـە چەواشـەکاری و فریـودان بـازنـەی گەمـەکانیان بـووە، ئەمانـە کابووسـێك بـوون لەسـەر دڵمـان و نـاکۆکی چینایەتی و نەخوێندەواری چەکی بەهێزی ئەوان بووە بۆ خەفەکردنی بیرو بەرهەڵستکاری کوردان .

یەکێك لە خەسڵەتەکانی شیعری رۆشنگەری هەڵوێستو قوربانیدانە، موفتی هەر زوو درکی بـە پیلانـی عوسمانییـەکان کـردوو شیعری کردە دروشمی یاخیبوون و وەستانەوەو هەر زوو دەقەکانی بە ناو خەڵکیدا تەشەنەیانکردو لە بەرامبەریشـدا مـوفتی بـاجێکی زۆری لـەم پێناوەدا بەخشی.

جـاران ئەیـانـوت لــە زەمــانی زوو

گەر کچ بخوێنێ زوو ئەبێ بەدخوو

وە یا دەڵێت:

کـچـم تـێـدەگـەم ئـاواتـت چـیــــــە

ئـەو فکـرە کـۆنــە لـەلای مـن نـیـیـە

بێ ترس و بێ خەم بۆ خوت دانیشە

من ئیشــی خەڵکــی ناکــەم بــە پیشــە

فـەرقــی لام نـیــە خـزم و بـێـــگـانـــە

هەر تۆ لات باشبێ، لای من ئاسانە

دیسانەوە دەڵێت:

کوربێ یا کچبێ، هەردوو نەفسانین

عالـەمــی زەوقــن و ئەهـلــی چما نین

مەخلـوق و عەبدی باوك و بـرا نین

مەعلوم بەشەرن ،خۆکەروگانین ئا شنا،٢٠١٦ ، ٤٠، ٤١

ئەگـەر حـاجی خـاوەنی یۆتۆپیایـەکی سیاسی بێت، ئـەوا مـوفتی لـەمبارەوە قسـەمان لەسـەرکرد، بـەلام ئـا لێـرەدا مـوفتی هـەڵگری یۆتۆپییەکی کۆمەڵایەتییە بە هەمان شێوەی قانع :

کچم بەسەر چاو کۆرپەی شیرینم

یـاخــوا بــە کـزی ئـیـتـر نەتـبـیـنـم

پێتــان ئەخوێنــن زۆر بە ئارەزووە

بە مەیلی خۆتـان ئەتاندەن بە شوو

لە ماڵ و میرات بەشتان دائەنرێ

لەگەڵ کورانا فەرقتان ناکرێ . قانع،١٣٨٦، ٣٤٧

ئەگەر سەیری هەردوو دەقەکانی موفتی و قانع بکەین، ئەوالە هەڵگری یۆتۆپییەکی سیاسیدا یەك چەمکن و هەمان رێچکەی حاجی کـۆیی گرتــووە، لێرەشــدا خــاڵی یەکگرتنــەوەی مــوفتی – قــانع خــەونی یەکسـانی و داد پــەروەری کۆمەڵایەتییــە، ئەمانــە هــەمان دیـدی ناسیۆنالیزمین و بە دیوە جیاوازەکاندا، کەواتە بلیمەتی موفتی لەوەدایە، کـە هـەڵگری خەونـە ناسیۆنالیزمە سیاسـی و کۆمەڵایـەتی و تەکنۆلۆجیاکانیشە، کە دواتر دێینە سەری، ئـەمیش وەك قـانع وەك مرۆڤێـك هـەڵگری رۆحییـەتی جوگرافیایـەکی سنووردارە، بـەلام خەونە سەرەکییەکەی هەڵگری یۆتۆپیایەکی یەکسانی و داد پەروەرییـە، ئەمـەش دابڕانێکـی مەعریفییـە لـە جوگرافیایـەکی لادێـوە بـۆ پانتاییەکی فراوانتری جوگرافی، کە تەواوی کوردسـتان بگرێتـەوە، کـە ئەمـەش قـوولایی عـەقڵ و فرەرەهەنـدی موفتییـە لـە جیهـانی شیعریدا.

بە گشتی خەونی موفتی و قانع و حاجی بەرهـەمهێنـانی عەقڵییـەتێکی نوێیـە، واتـە کۆمـەڵگای کـوردی لـە یۆتۆپیـای ئەمانـدا توانـای بەرهەمهێنان و ئاوڕدانەوەی لەگەڵ مێژوودا هەیە، کە ئەمەش دواتر لای زۆرێك لە شاعیرانی نەوەی دوای هەشتاکانی سـەدەی رابـوردوو دەگۆڕێ گەر پێچەوانە ش نەبێتەوە .

چەمکی زانست لە تێروانینی موفتیو ئەحمەد موختار جافدا:

ئەحمەد موختار جاف، یەکێکیترە لە پێشەنگانی شاعیرانی کوردو منەوەرێکی زەینکراوەی پێشبینیکەرەو لە دەلاقەی مێژووەوە نوقلانەلێدەری ئایندەیەکی کراوەی نەتەوەییە.

ئەحمەد موختار دەڵێت:

پاش قرانی مودەعی دەست پێ ئەکەن تەعمیری موڵك

ڕێگەی ئاسن ئەچێتە خاکی هەورامانەوە. حەمید،٢٩٩٦، ٣٦

وشیاری نەتەوەیی بیری سیاسی تەنها هۆکاری پێشبینییەکانی نابن، بەڵکو نەتەوە لە فەزایەکی فراوانتردا وێنا دەکاتو سنووری ئیرادە دەبنە ماکی رزگاربوونو هەستانەوە.

ئەحمەد موختار خاوەن یۆتۆپیایەکی نەتەوەییە، خەونەکانی ئەم لەوانی دی جیاوازترە، ئەم لە روانگەی یۆتۆپیای گەشەکردنو رەهابوونەوە لە پێشکەوتنە تەکنۆلۆجیاکان دەڕوانێ، لێرەدا جیهانبینی ئەم لە پەرەسەندنە زانستییەکانەوە سەرچاوە دەگرێ، بەمەش دیدێکی جیهانبینی مرۆڤدۆستانە لە چوارچێوەی مێژوودا بەرهەمدینێو کوردو جیهان لە خاڵی هەرە بەرزی مرۆڤایەتیدا پێکەوە گرێدەدا.

موفتی پێنجوێنیش دەڵێت:

هەر بە خوێندن بوو کە بۆمبای بەرقی

بێخاوەن رۆیی لە لەندەن تەقی

هەر بە خوێندن بوو قومبەلەی زەڕڕە

ژاپۆنی خستە هاوارو نەڕڕە ئاشنا، ٢٠١٦، ٣٩

دیسانەوە موفتی دەبێتەوە هەوێن بە هەمان دیدو یۆتۆپیای ئەحمەد موختار لە پێشکەوتنەکان دەڕوانێ بە میتۆدێکی دەوڵەمەندی حەقیقەت ئامێز، ئەمەش فرەڕەهەندی چەمکی بیرکردنەوەی موفتیو یۆتۆپیای نەتەوەیی ئەون، فرەڕەهەندی لوتکەی بەرزی زانست، لە زمانێکی ئەدەبی رەواندا تێکەڵ بە زانستی مێژوو دەکاتو رەهەندەکانی نەتەوە دەهاوێتە دەرەوەی بازنەی خۆییو بەمەش جیهانبینییەکی مرۆڤدۆستانە بەرهەم دێنێ.

کەواتە موفتی، لێرەوە قەدەر مایە پووچ دەکاتو دیاردەو بەها سە پێنراوەکان لە بازنەی گۆڕانو وەرچەرخانە مێژووییەکاندا دەبینێتەوە، کە تەواوی بەهاو دیاردەکان لە بازنەی نەگۆڕیدا دەردێنێو ئەرکی مەعریفی شاعیر لە خۆڕسکی بەرەو رەهەندە کراوەکان لە چوارچێوەی زانستدا دەنێرێو دەڵێت:

عالەم بە سنعەت چوون بۆ ئاسمان

تازە تۆ ئەگەڕیت بۆ ئاخر زەمان. سەرچاوەیپێشوو،٤٨

ئەم دەقە لە دوو ئاستی جیاوازدا بەیانی چەمکی مەعریفی خۆی دەکات:

أ- ئاستی دۆگماییو چەقبەستنی عەقڵو رۆشنبیریو وشیاری نەتەوە: کە ئەمەش لەو ساتەوەختەدا لە تاکەوە بەرەو کۆمەڵ درێژ دەبێتەوە.

ب- ئاستی ئێستا : کە لە هەمان کاتدا پرسیارێکی مەعریفییە رەوانەی تاکی کوردی دەکاتو بەراوردێك لە نێوان منو ئەودا ئێمەو ئەواندا، ئەمەش دواندنێکی خودیە بەرەو بازنەو رەهەندی عەقڵو وشیاری نەتەوەیی، کە لە نزمترین ئاستیدایە.

لە هەمان کاتدا دوو ئاستی دەلالی دەخاتەڕوو، منی ئەودیو سروشت، نازانستی، کە هەمیشە رەهەندە رۆحییە غەیبییەکان چۆن لە ناخماندا چەکەرەی کردووە بێئەوەی تێگەشتنێکی یا خوێندنەوەیەکی دروست بۆ گریمانەکانمان بکەین، ئا لێرەدا دووبارە تاکی کورد وشیار دەکاتەوە، کە ئایا ئەو تاکە پرۆژە ی ئامادەکراوی هەمیشە گریاوی تاوانبارە لەبەردەم حساباتی ئیلاهیدا، ئەمە یۆتۆپیایەکی مەعریفی بەئاگا لەم دەلالاتە رەهەنداویانە دەکۆڵێتەوەو دەیخاتە ژێر پرسیارەوە، بە مجۆرە گەورەیی موفتی لە دەقەکانیدا بەرهەم دێنو پێگەی ئەو لە دنیای ئەدەبیدا دروشاوەتر دەکەن.

موفتی دەڵێت:

پێویسته لەسەر شاعیری ئەم عەسره لەمەولا
خامۆشی بکا باسی دەمو چاوو خەتو خاڵ
لام وایه گەلێ عەیبه لە بۆ پیاوی بەقیمەت
ناوبردنی بەرمووروو مڵو بازنو خرخاڵ. سەرچاوەی پێشوو،٤٨

ئەحمەد موختاریش دەڵێت:

شاعیرانی کورد بەسە، بەس باسی زوڵفو چاو بکەن
کەم خەیاڵی پەرچەمو کاکۆڵی ئاڵۆزاو بکەن. حەمید،١٦٢، ٢٠٠٦

لەم دوو دەقەدا یۆتۆپیای سیاسی لە مۆراڵێکی خوازیاریدا دەخرێنەڕوو، داخوازی ئەمانە لەوانیترو بە واتا قەیرانی شوناس، نەتەوە رزگاری لە ئارادایە، چۆن دەبێت ئەمانە فەرامۆش بکرێنو ئەوینی جەستەیی پێناسەبکرێت، ئەمە ئاستی ئاخاوتنی کەسییەو کردنەوەی دیالۆگێکی کراوەیە بەڕووی ئەوانی دیکەدا، ئەمە دەلالاتێکی سۆسیۆلۆجی بەرهەم دێنێت، لە نەبوونی ئازادیدا مرۆڤەکان نەستیان دەدۆڕێننو ناتواننو لە توانادا نابێت ویستو ئارەزووەکان لەرەهەندێکی کراوەدا بخەنەڕوو، چونکە دڵەڕاوکێو ترس تەواوی پانتاییو رووبەرەکان دادەپۆشنو بووارێك بۆ حەزو ئارەزووەکان ناهێڵن، لێرەدا ئەرکی مەعریفی شاعیر دیالۆگێکی کراوە بۆ دەربازبوون لە شێوەی داخوازیدا دەخاتەڕوو، جێهێشتنی جوگرافیای خەیاڵو حەزو ئارەزووەکان پاشەکشە دەکەنو هۆکارەکانی بوونی ئەوانی دی لە دەرەوەی جوگرافیاو مێژووی سیاسیدا ڕووندەکەنەوە، تێڕامانێك بەرهەم دێنن کە گواستنەوەیەکی ئاکاراوییە، کە لەوو منی بکەردا بەرجەستە دەبێت، دەرهێنانی ئەوانی دی لە بازنەی بێئاگاییەوە بۆ وشیاری نەتەوەییو دواجار هاوکێشەیەکی کارا لە بکەری رووداوو خوڵقێنەر لە نێوان ئەمانو ئەواندا پێك دەهێنرێت.

- ئەنجامەکان

موفتی پێنجوێنی یەکێکە لە شاعیره ناودارەکانی کورد،کە لە لیکۆڵینەوە ئەدەبییەکاندا زۆر بە کەمی ئاوڕی لێدراوەتەوە، پاش قووڵبوونەوە لە دەقەکانی ئەم شاعیره، بۆمان دەرکەوت، کە شایستەی گرنگیپێدانی زیاترەو ئێمە لە لێکۆڵینەوەکەماندا گەشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- موفتی پێنجوینی شاعیرێکی کلاسیکەو سەر بە رێچکەی رۆشنگەریی کوردیە، کە حاجی کۆیی بە سەرقافڵەی ئەم تەرزه شیعرییە دادەنرێ.
٢- دەقەکانی هەڵگری خەونێکی دەوڵەتی نەتەوەییەو وەك حاجی خاوەن یۆتۆپیایەکی سیاسییە.
٣- بە هەمان شێوەو رێچکەی قانع دەقەکانی خەمی چینایەتیو کۆمەڵایەتییەو هەروەك ئەو خاوەن یۆتۆپیایەکی کۆمەڵایەتیو یەکسانیو داد پەروەرییە.
٤- لە دەقەکانیدا زانست ئەو فاکتە گرنگو بونیاتنەرەیە، کە ئایندەو چارەنووسی گەلان دەگۆڕێو بە هەمان شێوەی ئەحمەد موختار بەگی جاف هەڵگری یۆتۆپیایەکی پێشکەوتنو پەرەسەندنە.
٥- ئەم شاعیرە وەك شاعیرانی هەمان رێچکەی حاجی لە دەقەکانیاندا گرنگی بە ناوەرۆك دراوە.
٦- لە پێناوی هەڵوێستەکانیدا ئامادەی قوربانیدانو خۆبەختکردنە.

ئەمە ئەو ئەنجامە گرنگانەبوو، کە لە لێکۆڵینەوەکەماندا هەڵمانهێنجاوە.

## سەرچاوەکان

### کوردی،


١ـ ئەحمەدی بابەك ، ٢٠٠٤ ، پێکهاتەی راڤەی دەق، کتێبی ١، و. مەسعود بابایی، چاپی یەکەم، هەولێر.

٢ـ ئاشنا ئومێد ، کەریم کامیل عەبدوڵلا ، ٢٠١٦ دیوانی موفتی پێنجوێنی،چاپخانەی ئەندێشە، چاپی دووەم، سلێمانی .

٣ـ باجەلان د،سوارە ،٢٠١٦ ،دیوانی حاجی قادری کۆیی، بەڕێوەبەرێتی گشتی رۆشنبیری و هونەری سلێمانی، چاپی یەکەم سلێمانی .

٤ـ ڕەسوڵ پ.د. عیزەدین مستەفا ، ١٩٨٦، دیوانی ئەحمەد موختار جاف، بە کۆششی ئەفراسیات ئەحمەد موختار جاف، چاپخانەی ئەدیب، بەغداد.

٥ـ عەبدولکەریم عەبدولکەریم حەمید، ٢٠٠٠، ، ئەحمەد موختار بەگی جاف، شاعیرو مرۆڤ، دەزگای سەردەم، سلێمانی. –

٦ـ فەرحان مەریوان حسێن ، ٢٠١٧، جوانکاری لە شیعری وەفاییدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەنجەرە، سلێمانی، .

٧ ـ قەرەداخی عەتا ، ٢٠٠٦ ،گەڕان بەدوای ماناکانی شیعردا، چاپو پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی.

٨ ـ قەرە داخی عەتا ،٢٠٠٧ ، گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

٩ـ قانع بورهان ،١٣٨٤، دیوانی قانع، چاپی شەشەم، چاپخانەی دالاهۆ، تهران، .

١٠ـ قانع مەریوان وریا ،٢٠١٣،فکرو دنیا،بەرگی دووەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی .

١١ـ گەردی سەردارئەحمە حەسەن، ٢٠٠٤،بنیاتی وێنە ی هونەری لە شیعری کوردیدا،١٩٧٠ ـ ١٩٩٠، چاپ و پەخشی سەردەم، .چاپخانەیشڤان سلێمانی

١٢ـ مارکس لۆکاچ،باختین،گراشین مارکۆزە،٢٠٠٦، ،کۆمەڵناسی ئەدەبی ،وەگێر،هادیمحەمەدی،چاپخانەی شڤان.

١٣ ـ میران سەردار حەمید ، شارەزا کەریم مستەفا . ٢٧٠٧د یوانی حاجی قادری کۆیی ، چاپ و پەخشی سەردەم، . ، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی سەردار حە مید میران، ، کەریم مستەفا شارەزا، پێداچوونەوەی مامۆستا مەسعود محمد، سلێمانی.


### عەرەبی

.........


١ـ معروف كمال.١٩٩٢.الحركه التجديديه فى الشعر الكوردى الحديث.١٩١٤ـ ١٩٦٥مطبعة ازاد. ستوكهولم .

٢ ـ الجبورى محمد محمودعبدالجبار.١٩٨٤.المدخل فى علم النفس .جامعه صلاح الدين. اربيل.


### فارسی

........


١ ـ .كدكنى محمد رضا شفيعى.١٣٥٩.ادوار شعر فارسى.انتشارات توس. تهران.


### نامەی زانکۆیی


١ـ ئەمین محمد ئەمین محەمەد نوری. ٢٠٠٤ .شەقڵی نوێخوازی لە شیعری کوردی و فارسی سەدەی نۆزدەیەمدا.نامەی ماجستێر سلێمانی .

## Result

Mufty Penjweny was one of the well known poets who wrote about literature critisim but unfortunately no one take care of him, but after I had deeply studied his writing, I recognize that he will deserve to study his writing and then I had these results:

١. Mufty Penjweny was a classical Kurdish Poet who follow those tried lead Kurd to develop and wrote to make people to know about their aim's and their fate.
٢. His writing was about the dream of Kurdish national governate like the Hagi's own political utopia.
٣. Like Qanie poet who had wrote about his nations sorrow and difference society level's and who wrote about justice and equality of society.
٤. In his writing he mentioned the important factor to built future, fate and he wants to change the fate and future of his nation and like Ahmed Mukhtar Jaf who was holding the progress utopia.
٥. The poet like the other poets, like Hagi, had made an importance to their writing which give the reflect of society.
٦. For their attitude they were ready to sacrifices by themselves for their writing to gain what they wanted to their nation.